# فاکتی زانست







ماجید خەلیل

# دۆڕانی ئیسلامگەراکان
# لە زەمینەی زانست و لۆژیکدا

ئیسـلامی سیاسـیی وەکـو چەمکێکـی نـوێ و بـە شـێوەیەکی خێـرا ڕووداوەکانی بەشـی زۆری سـەدەی بیستەمی گرتـەوە، زیاتر ئەو گـروپ و ڕێکخراوانەی گرتـەوە کـە لـە هەنـاوی ئیخوانـدا هاتنـە دەرێ و لێـی دورکەوتنـەوە. بـوونی ئـەوان وابەسـتە بـوو بـە پرسـێک کـە خۆیـان گرێـدەدا بـە فەرمانبەرداریـی خەلافەتـە درێژخایەنـەکانی ڕابـردووی ئیسـلامەوە، بۆیـە بـەو خێراییـە دوچاری ئیشـکالیەتێکی گـەورە بـوون. هەمـوو ڕەوت و حزبێکـی ئیسـلامی بـە تونـدڕەو و میانـەڕەو لـە نـەوەد سـاڵی ڕابـردوودا ڕووبـەڕووی ئـەم ئیشـکالییەتە بوونەتـەوە. ئـەوان ڕۆحـی خۆیـان لـە تـوراسی خەلافەتـەوە هەڵهێنجا، لـە کاتێکـدا ڕەوتی سـەردەم بـە ئاقارێکـی زۆر خێـرادا خـۆی بینییـەوە. بـە تایبـەتی چەنـد دەیـەی ڕابـردوو مرۆڤایـەتی لـە دوڕیانێکـی گـەورەدا خـۆی بینیوەتـەوە، بـە شـێوەیەک زانسـت و تەکنەلۆژیـا هەنـگاوی گـەورەی نـا، ئـەو گۆڕانکارییـە و ئـەو شۆڕشـە مەزنـەی زانسـت لـە کۆتاییـەکانی سـەدەی بیسـت و دەسـتپێکی سـەدەی بیسـتویەکدا بـە شـێوەیەک بـوو کـە خـودی ئایینـەکانی خسـتووەتە ژێـر پرسـیاری جدییـەوە، ئیـدی چ جـای ئـەوەی کـە کـە فـۆڕمـی ئایینداریـی کورتبکرێتـەوە لـە سیاسـەت و فەرمانبەرداریـی خـوداوە. هەربۆیـە ئیسـلامییەکان لـە زەمەنێکـدا لەدایکبـوون سروشـت بـە کامـی ئەجێنـدای ئـەوان ناسـوڕێت. بۆیـە بـە تـەواوی میتـۆدی ئـەم هێـزە ئیسـلامییانە لەبـەردەم پرسـیاری گـەورە گەورەدایـە.

بـە شـێوەیەکی گشـتی لـە نیـوەی دووەمـی سـەدەی بیسـتەمدا ڕێکخسـتنەکانی ئیسـلامی سـیاسی خۆیـان لـە بازنـەی حزبایەتیـی دەسـتە و گروپـی سیاسـیدا بینییـەوە.

بـە تایبـەتی پـاش ئـەوەی دۆزی فەڵەسـتین بـە گەرمـی سـەریهەڵدا، ئیـدی بەشـێک لـە نیـاز و نواڕینـی نەتەوایەتیـی عـەرەب هانـای بـۆ ئایدیۆلۆژیـای ئیسـلامی بـرد و وەک پردێـک بـۆ پەڕینـەوە بەسـەر ئاگـری زایۆنیزمـدا قۆسـتیانەوە. دیـارە کـە ئەوەیـش هۆکارێکـی کاریگـەر بـوو بـۆ بـرەودان بـە ڕێکخسـتنی ئیسـلامی جیهـادی، بـەردەوام بیانویەکـی کاریگەریـش بـووە بـۆ مانـەوەی هـزری سیاسی ئیسـلامی لـە دنیـای عەرەبیـی ئیسـلامیدا.

واتـە هـەر لـە سـەرەتاوە ئاتاجـی سـەرهەڵدانی هـزری ئیسـلامی سیاسـیی وەک وەسـیلەیەک یـان میتۆدێـک هاتەپێـش کـە هەوێنێکـی نەتەوایـەتی لـە ناواخنیـدا ڕۆڵـی دەبینـی. ئـەوە تاقیکردنەوەیـەک بـوو کـە عەرەبـەکان بەکاریانهێنـا بـۆ قوتاربـوون لـە دۆزێکـی قوڵـی پـڕ لـە سەرئێشـە. هـەر بۆیـە دەتوانیـن بڵێیـن ڕەهەنـدی دروسـتبوونی بـرەودان بـە ئیسـلامگەرایی لـە بازنـە و مەرجەعـی سـوننەگەراکاندا جیـاوازە لـە ڕەهەنـد و مەهامـی ئیسـلامگەرایی کـە لـە بازنـەی تەشـەیوعی شـیعەکاندا کاری بـۆ دەکرێـت، چونکـە فیکـری سیاسـیی شـیعەش خواسـتی دروسـتبوونی بـەدەرە لـەو واقیعـە هزرییـەی کـە لەسـەری دارێـژراوە.

گـەر بگەڕێینـەوە بـۆ ڕیشـەی ئیسـلامی سیاسـیی لـە مێـژووی ئیسـلامیدا، دەبینیـن هـزری سیاسـیی

ئیسـلامی هەنگاوێـک بـووە بـۆ دوورکەوتنـەوە لـە ناوەڕۆکـی شـەریعەتی پێداگرییـە ڕۆحییـەکانی مـرۆڤ، لـە هەمـان کاتـدا هەنگاوێـک بـووە بـۆ نزیکبوونـەوە لـە کۆمەڵـێ مەکـر و مەیلـی سیاسـیی لـە مـەودای کاری نەتەوەکانـدا.

لـە کۆتایـی ڕاشـیدینەکانەوە تـا دەسـتپێکی ئومەوییەکانـی دواتـر درێژبوونـەوەی ئـەم دەسـەڵاتە سیاسییە سـونییە ئەرسـتۆقراتە قورەیشـییە، تا ڕوخانی عەباسـییەکان، پاشـان زیندوبوونـەوەی لـە دەسـتی تورکـە سـونییەکان تـا سـەرەتای سـەدەی بیسـتەم، نوێنەرایەتییـەک نەبـووە کـە کـۆی موسـڵمانان لـە بازنە و پێنـاوی خۆیـدا جێبکاتـەوە، بەڵکـو لای ئومەوییـەکان نوێنەرایـەتی عـەرەبی سـونە بـووە و تەنانـەت مـەوالی سـونی یـان ناعـەرەبی سـونی یاخـۆ عەجەمـی سـونی لـەو بازنەیـەدا ڕۆڵـی نەتـەوەی بندەسـتی پلـە دووی بینیـوە.

کەواتـە خەلافـەت بـە هیـچ شـێوەیەک هێمایـەک نەبـووە کـە لـە شـەریعەتەوە سـەرچاوەی گرتبێـت، یاخـود سیاسـەتی ئیسـلامی بە هیـچ شـێوەیەک نومایانی ئـەو حەبلـەی نەکـردووە کـە کـۆی موسـڵمانان دەسـتی پێوەبگـرن و خۆیانـی پێـوە هەڵواسـن.

لـە بازنـەی سیاسـیی شیعەیشـدا بـە هەمـان شـێوە هـەر لـە دەسـتپێکی ئومەوییەکانـەوە، چ وەک ئـەو دەوڵەتـە دوورەدەسـتانەی باکـووری ئەفریقیـا وەک ئەداریسـەکان یاخـۆ ئەوانـەی سـەردەمی عەبـاسی، وەک سـەفاری و سـامانییەکان و دواتـر فاتمـی و ئیسـماعیلییەکان تاوەکـو سـەرلەنوێ زیندووبوونەوەیان لەسـەر دەسـتی سـەفەوییەکان و ئەفشـار و قاجارییـەکان، هیـچ کات پێنـاو و پەیداخـی ئیسـلامەتی ئەمانـە نوێنەرایـەتی ئوممـەتی ئیسـلامیی نەکـردووە.

لـە فاتمییەکانـدا نەزمـی هاووڵاتیبـوون هێنـدەی تـام و بـۆی نەتەوایـەتی تێـدا جێگیـر کرابـوو هەرگیز شـوناسی دینـی ئـەو ئەرزشـەی نەبـوو، لـە سـەفەوییەکاندا ناوەکـە ناوێکـی ئایینـی و مەزهـەبی بـوو، وەلـێ لـە ناواخنـدا مەهزەلەیـەک بـوو لـە بـرەودان بـە هێـزی ناوچەگـەری و نەتەوایـەتی و هۆزچییـەتی.

هیـچ کات خەلافەتـە ئیسـلامییەکان بـە درێژایـی مێـژوو گەرەکیـان نەبـووە ئومەمییـەتی ئیسـلامی لـە نەزمـی سیاسی خۆیانـدا شـوێنبکەنەوە. کەواتە لێـرەدا بـە خەلافـەتی ڕاشیدینیشـەوە تاوەکو کۆتایی دەسـەڵاتی عوسـمانییەکان خەلافـەت نەیتوانیـوە هێـز و هیوایـەک بێـت کـە چەتـری خـۆی هەمـوو خەڵکـی موسـڵمان گردبکاتـەوە. لێـرەدا خاڵـی گرنگیـی شـەریعەت دەکەوێتـە ژێـر پرسـیارەوە. چونکـە لـە شـەریعەتدا هیـچ پێنـاو و برەوێکـی نەتەوایـەتی سـنووری بـۆ نەکێـشراوە لـە کاتێکـدا لـە خەلافەتـدا دنیایـەک سـنوور دەبینرێـت.

ئـەم خاڵە لاواز و لادەرەی شـەریعەت لەنێـو تـەواوی بازنـەی کاری حزبـە ئیسـلامییەکاندا بەدیدەکرێـت و جەختـی لـە بـارەوە کراوەتـەوە. لەنێـو ئیسـلامی سیاسـی و مێـژووی هەمـوو تەڤگـەرە سیاسـییە ئیسلامییەکان ئـەو ڕاسـتییەمان پێدەڵێـن کـە هێنـدەی پێناوێکـی سـیاسی و نەتەوایـەتی و ناوچەیـن، هەرگیـز نەیانتوانیـوە پێنـاو و پارێزەرێکـی شـەریعەت و شـێوازێکی ئیسـلامی بـن و بازنەیەکـی دینداریـی دروسـت بـن.

پارتە ئیسلامییەکان لە پاش سەرهەڵدانی دۆزی فەڵەستین بە شێوەی کارا سەریان هەڵدا، کە پێناوە سەرەکییەکانیان تەنیا بریتی بوو لە پێناوێکی نەتەوایەتی و عەرەبچییەتی و لە خەمی دۆزی خاکی بندەستکراوی فەڵەستیندا سەریان هەڵدا. ئیخوان بۆخۆی بەشێوەیەکی تیۆری لە پەیامەکانی حەسەن بەننادا ئەو ڕاستییە دەخاتەڕوو کە عروبە لە خەباتی ئەواندا بازنەیەکی تەواوکارە، ئەو ئیخوانەی شوێن پەنجەی بە بست بە بستی کار و کردەوەی حزبە ئیسلامییەکانی دونیاوە دیارە و ڕوونە. خەمی گەورەی حزبەکانی سەر بە ئیخوان و خودی ئیخوان موسلمین لە دنیای عەرەبدا ئەوەیە بیسەلمێنن کە عەرەبچییەتی دەکەن و لە بەرامبەر هێزە نەتەوەیی و سیکۆلارەکانی عەرەبدا خۆیان هاوشان دەزانن.

کەواتە لێرەدا بوونی شەریعەت و زانیارییەکانی ئیسلام تەنێ ڕێگەیەکن بۆ پتەوکردن و بەهێزکردنی ئەو پێناوە. مەهزەلەی گەورە لێرەدا بریتییە لەو حزبە ئیخوانییانەی کە لە دەرەوەی نەتەوە عەرەبییەکاندا یاخۆ وڵاتە عەرەبییەکاندا دروست بن. چونکە دەبێت وەڵامیان بۆ پەیامەکانی حەسەن بەنا و سەید قوتب چی بێت کە لە بارەی عەرەبچییەتییەوە دەیڵێن.

بۆ نموونە یەکگرتووی ئیسلامی چی دەڵێت لە بارەی ئەو تیۆرییە سیاسییە نەتەوەییانەی کە محەمەد قوتب ئاراستەی زەرووریەتی ئیخوان دەیانکات بۆ عروبە و ناسیۆنالیزمی عەرەبی. ئەدی لێرەدا بوونی یەکگرتوویەکی ئیخوانی لە چیدا خۆی دەبینێتەوە.

لە ئیسلامدا هێنانەوەی بوونی شوناسی مرۆڤ و پتەوکردنی لایەنی ڕۆحیی تاکەکان و بونیادی پێکهاتە خێزانییەکان بازنەیەکی بەرین و داکۆکی لەبارەوە کراوە. وەلێ بواری سیاسی و خەلافەت، سیستەمی سیاسی ئیسلامی و ڕێکخستنی ئیسلامی سیاسی هیچ جێیەکی نییە یاخود شتێکی پێ نییە بۆ زامنکردنی هێشتنەوەی شەریعەت وەک خۆی.

ئەمڕۆ ئەوەی لە کوردستان و عێراقدا دەگوزەرێت ئەوەیە کە لە باشوور و ناوەڕاستی عێراقدا بازنە سیاسییەکانی شیعە و سوننە خاڵی گەورەی ناکۆکییەکانن و جەنگی ئەوانیش جگە لە سەپاندنی هەیمەنەی نەتەوایەتی و خێڵ و هۆزی مەزهەبی خۆیان هیچی تر نییە و ئەوەیشی بریتی بێت لە ئایندارییەکی دروستی وابەستە بە ئیسلام هیچ شوێنێکی نییە.

هەربۆیە ئەزموونێکی مەزنی وەکو دکتۆر موحسین عەبدولحەمید کە زەمەنێکی هەستیار ڕێبەری حزبی ئیسلامی عێراق بوو، کە مەزنترین حزبی ئیخوانی سیاسی بوو لە عێراق و نوێنەری گەورەی سوننیە عەرەبەکان بوو لە سەردەمی سەدام و پاش سەدام هەتاوەکو ئێستا، دەتوانین بڵێین ئەکادیمیترین و هۆشیارترین تاکی نێو ئەو حزبەیش بوو، بۆخۆی جاڕی ئەو ڕاستییەی دا کە حزبایەتیکردن، بەو جۆرەی ئەو مەبەستییەتی لە سیاسەتی حزبایەتی ئیسلامی جیاواز نەبوو لە دەوڵەتدارییەتییەک کە خەلافەت بخوازێت وانیشانیدا کە تا سەر ئێسقان هەڵەیە و دوورە لە خواستی شەریعەت و ئاینداریی تاکی موسڵمانەوە

و مەبەستی حزبایەتیشی بە شتانێک لەقەڵەمدا کە دوورە لە مەودای کاری کەسی ئیماندارەوە و ئەزموونی کاری خۆیشی بە پەشیمانی و نەدامەت لەقەڵەمدا.

دکتۆر موحسین هەڵوێستەکانی شۆڕشێک بوون بۆ پێداچوونەوەوە بە پێڕاکێشانی ئیسلامییە سیاسییەکان لە تەنگژەکانی عێراقدا. خواستی ئەزموونێکی گەورەی لەو جۆرە دروست هاوتای دانپێدانانی کەسێکی مەزنی وەک ئیحسان تەبەری بوو کە لەسەر چەپەکان کردنی. ئیحسان تەبەری لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو وەک تیۆریستێکی مەزن و سەرداری تودەی ئێرانی و چەپەکانی دونیا ڕاستیگەڵی لە چەمکی کۆمۆنیزم و بەربەرییەتی ئایدیۆلۆژیای چەپەکان خستەڕوو، ئەو پێچەوانەی ڕابردووی هەستایەوە و ئەزموونێکی گەورەی نیشانی دونیا دا کە بەشێک لە چەپەکان لەچ شۆکێک و لەچ خەوێکی قوڵی ساختەدا دەژین.

ساختەیی خەونی بەشێک لە چەپەکان جیاواز نییە لەو ساختەییەی کە ئەمڕۆ ئیسلامییەکان تێی کەوتوون. هیچ ئەکادیمییەکی ئیسلامی نییە، لەمڕۆدا دوچاری ئەو شۆکە نەبێت. هیچ قەڵەمێکی بەویژدانی ئیسلامییەکان نییە کە دەرک بەم ساختەییە نەکات کە میتۆدی سیاسی ئیسلامییەکان کاری لەسەردەکات.

مەزنە نووسەر و لێکۆڵەرێکی بواری ئیسلامناسی و یاسای شەریعەت، پیاوێکی بەئەزموون و قووڵی وەک دکتۆر موستەفا زەڵمی هەموو ئەو ڕاستییەی بەگوێی کۆمەڵگەی کوردیدا دا، ڕاستیگەلێک کە بە زمانی عەقڵ و زانست و شەریعەت هەموومانی دواند. ئەو جەختی لەوە کردەوە کە ئیسلام ئایینێکە خەلافەت ناخوازێت، خەلافەت و سیاسەت لە ئیسلامدا خەونێکی ساختە و درۆیەکی گەورەی ئیسلامییەکانە. ئایا ڕاڤەی حاجی کاروان و هاوڕێ قیامەتی و هاوشێوەکانیان بۆ شەریعەتی خوا زانستی و لۆژیکی و ئیماندارترە، یان ڕاڤەی موستەفا زەڵمی کە تەمەنێکی لەنێو پەرتوک و لێکۆڵینەوە و دیراساتی ئیسلامیدا بەسەربردووە؟!

**ئایا ڕاڤەی حاجی کاروان و هاوڕێ قیامەتی و هاوشێوەکانیان بۆ شەریعەتی خوا زانستی و لۆژیکی و ئیماندارترە، یان ڕاڤەی موستەفا زەڵمی کە تەمەنێکی لەنێو پەرتوک و لێکۆڵینەوە و دیراساتی ئیسلامیدا بەسەربردووە؟**

ئایا ئەکادیمییە ئیسلامییەکان دروستن یان سیاسییە ئیسلامییەکان؟ لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین ئەورۆ سەردەمی هزری ئەکادیمییەکانە و سەردەمی قسەی ئەزموونە گەورەکانە.

کێ هەبوو لەنێو یەکگرتووی ئیسلامیدا هێندەی عەبدولڕەحمان سدیق لۆژیکی و ورد و قووڵ ڕاڤە بۆ تێکست و ئەزموونی سیاسیی ئیسلامی بکات؟ بۆخۆی لە ئەوجی پلە و پایەدا بوو لەنێو ئیسلامییەکاندا و بە لۆژیکیش سەلماندی کە ئیسلام بازنەیەکە و سیاسەتیش لە نێو حزبێکی ئیسلامیدا هەڵەیەکی کوشندەیە و پێوەندی بە ئایندارییەوە نییە. ئەزموونێکی گەورەی وەک عەبدولڕەحمان سدیق بەسە بۆ ئەوەی کە ئاشبەتاڵی هزری ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا دەستپێبکرێت، قسەی موستەفا زەڵمی حوجەیە بۆئەوەی ساختەیی مۆدیلی حزبایەتی لە ئیسلامدا بسەلمێنین.

ئەم قەوانە قەوانێکی مەکراوی ڕزیوی بیدعەچییەکانی نێو ئیسلامە و ئەورۆ لە دەستپێکی وەستاندنی ئەو قەوانەدا ئەکادیمی و لێکۆڵەر و هۆشیارەکان دەستیان داوەتێ.

ئەورۆ بۆ وەستاندنی هزری ساختەی ئیسلامییەکان پێویست بە ئاکاری لیبراڵ و سیکۆلار و چەپەکان نییە، بەڵکو بۆخۆیان پێ لەو راستییانە دەنێن و هۆشیارییەکانیان بەجۆرێکن کە سیاسییەکان توشی شۆک بکەن.

ئەم ڕاستییانەی کە خەڵکانی سەر ڕاستی ئەکادیمی و بەئەزموونەکانی خۆیان دانی پێدا دەنێن و لە کاری سیاسی خۆیان دوور دەخەنەوە، چاوەڕوان دەکرێت بەرینتر بێت و سنووری چالاکیی ئیسلامییە سیاسییەکان ببەزێنێت. لە تازەترین زانیاریدا ئەو ڕاستییە دەرکەوتووتر دەبێت. هەر بۆیە سیاسەتکردن لە لایان بووەتە شریتێکی دووبارە و دۆڕاو و تەنها ئامادەکارییەکانیان بۆ دەستگیربوونیان لە چەند پۆستێکی دونیایدا کورتکردووەتەوە. تەنانەت لە ئێستادا خوێنەوارەکانیشیان کە دەخوازن ببنە خاوەنی بڕوانامە خۆیان لە قەرەی شەریعەتی ئیسلامی و دراساتی ئیسلامی نادەن و بەدوای پسپۆڕییەکەوەن کە بتوانن پۆستێک یان کورسییەک بۆخۆیان دابتاشن.

ئیدی ئەوە بۆ خۆیان و بۆ دەرەوەی خۆشیان ڕوون بووەتەوە کە ئیسلامی سیاسی تەنها وەسیلەیەکە بۆ خۆ تێرکردن لەسەر سفرەی حازری کوردایەتی و ڕەنج و ڕەونەقی خەباتی ماندوونەناسانەی نەتەوەیی و سیکۆلار و لیراڵەکان. ئەورۆ ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا نومایانی ساختەیی خۆی لە هەموو کات زیاتر بۆ ڕۆشن بووەتەوە و ئەو خەون و خەیاڵەی کە خۆی بۆ ئایندەی ئەم نەتەوە دەبینییەوە لەدەستداوە و تەواوی ڕوانگەکان بۆ ئەوەن کە بەڵێ لە کوردستانیشدا وەک تەواوی دنیای ئیسلام گلۆڵەی ئیسلامییە سیاسییەکان لە لێژیدایە.

بە تایبەت پاش ئەو وەخۆکەوتنەی ئەورووپی و خۆرئاواییەکان بۆ ئیسلامگەراکان و پاش ئەو توندوتیژییانەی کە ساڵانی ڕابردوو لە ئەورووپا هاتنە پێش، ئیدی کۆڵینەوە و ڕاڤەکانی سەر ئیسلامییەکان تەنها دیوێکی داعشیانە دەبەخشنە

مەهام و مەبەستی بوونی هەر تەڤگەرێکی سیاسیی ئیسلامی کە ئەمڕۆ لە تەواوی دونیادا بوونیان هەیە و کاردەکەن و ئەو ڕاستییانەیش سەلماوە کە بەڵێن بوونی ئیسلامییە سیاسییەکان لەنێو سیاسەتی دیموکراسییانەی حکومەتەکاندا تەنها گەمەیەک بوو بەس، چونکە بەرە بەرە ئەزموونە هۆشیارەکانیان حاشا لە ڕابردوو دەکەن و ئەزموونە مێشک شۆراوەکانیشیان وا خەریکە لە جەنگی دیموکراسیدان و دیموکراسی هەر بەو خراپەییە پێناسە دەکەن.

ئەمڕۆ لەناو جوڵانەوەی ئیخواندا بە گشتی ڕیفۆرمخوازی ئیسلامگەرا هاتوونەتە پێشێ کە توخنی سیاسەتی پێشوو ناکەون.

ئیخوان وەک ئەوەی ڕیشەی هێزە بناژۆکانەوە داعش لە دەرهاویشتەیدا بوو، ئیدی پاش ئەوە ڕەوشە وەحشەتناکە ڕەوتێکی ئیسلامگەرای جیاواز لە ئیخوان چێبو کە لەڕووی جەماوەرییەوە بەخێرایی شوێنی بووەتەوە و هاوکات بە ئەندازەیەک کرانەوەی بەڕووی خۆرئاوادا تێدابوو.

بۆ نموونە ئیسلام بحیری یەکێک لە سەرکردە هەڵکەوتووەکانی ئەو جوڵانەوانە بوو کە لەسەر دەربڕینەکانی دەربارەی ئەزهەر و قسەکردن لەسەر نەزمی ئیسلامگەرایی لە تەلەفزیۆندا بڕیاردرا بۆ ماوەی ساڵێک زیندانی بکرێت. ئەو بۆ چوار ساڵێک لە تیڤییەکانەوە قسەی لەسەر توندڕەوی و تانەی لەو ئیسلامە چەقبەستووە دەدا کە بوونی لە ڕەوگەی سوننییەکاندا هەیە، هەروەها باسی لە ئیسلامی ئازادیخوازی و شۆڕشگێڕی دەکرد و لەگەڵ جودابوونەوەی مزگەوت و دەوڵەتدا بوو. ئەو لە دێسەمبەری 2016دا کەوتە بەر لێخۆشبوونی سەرۆکایەتییەوە، ئەمەیش لە مێژووی میسردا بڕیارێکی دەگمەن بوو. یەکێکی تر لە پشتیوانانی ڕیفۆرم و ئازادیی هزر و ڕۆشنگەری بریتییە لە ئیبراهیم عیسا، ئەو شرۆڤەکارێکی جەماوەردۆستی میسرییە و سەرنووسەری ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆی میسرییە بە ناوی (المقال). ئیبراهیم عیسا لە دەستپێکی ئەم ساڵەدا ڕایگەیاند کە وازیهێناوە لە بەرنامە تەلەفزیۆنییەکەی، چونکە لە لایەن وڵاتی سعودیەوە فشاری فرە کراوەتە میسر، لەبەرئەوەی ئیبراهیم بەردەوام هێرشی کردووەتە سەر ڕادیکاڵییەتی وەهابی و ڕەوگەی چەقبەستووی هۆزگەرایی لەنێو ئیسلامگەراکاندا. هەڵوێستە ڕیفۆرمیستییەکانی ئیبراهیم عیسا لە هەمبەر تیرۆریستەکاندا فرە قورس و تاڵن، ئەوان لە 1992ـەوە ئەویان خستووەتە لیستی کوشتنەوە، هەربۆیە ئەم پیاوە بەردەوام لەژێر چاودێرییەکی توندی ئاسایشییدا. نەیارییەکەی بۆ ئیخوان موسلمین و بەرهەڵستییەکانی ئەویان کردووەتە بابەتی فەتواکانیان و لێرە و لەوێ و لە پلاتفۆرمی ئایینییانەوە وەک کافرێک ناوی دەبەن. قەمیانیش یەکێکی دیکەیە لەو ڕیفۆرمخوازە مەزنانەی دونیای ئیسلام لە میسردا، ئەویش بۆ باوەڕ و دید و سەرنجە بوێرەکانی ڕووبەڕووی زیندان و ئەشکەنجە و فەتوای کافربوون بووەتەوە. ئەو پێی وایە کە شوێنێکی وەکو زانکۆی ئەزهەر لەگەڵ ڕێکخراوێکی تیرۆریستیدا جیاواز نییە، هەموو ئەم کەسایەتییانە

کـە جوڵانەوەیەکـی نوێـن و جەمـاوەری بەرینیـان هەیە و تەنگیان بـە تەوژمـی ڕادیکاڵـەکان هەڵچنیوە، هێشـتا لەسـەر ئاسـتی خۆرئـاوا نـاسراو نیـن و نەبوونەتـە شـوێن بایەخـی ئـەوان. بەرنامـە و میتـۆدی کاری ئیخـوان لـە خۆرئـاوادا بـە تـەواوی هەژمـوون و ڕاستییەکانی ئـەم جوڵانـەوە ڕیفۆرمخوازییـەی پەراوێـز خسـتووە و سـەرنجی خۆرئاواییـەکان تەنهـا لەسـەر ئیخوانـە و ئەوانیـش بـە میکانیزمـی فریودەرانـە خۆیـان وەک ڕێکخراوێکـی میانـڕەو هەژمـاردووە.
بـە گشـتی دەتوانیـن بڵێیـن بـە ئاگابوونەوەیەکـی بەریـن لەنـاو پێکهاتـەی ئیسـلامییەکاندا هەیـەن بـە ئاگابوونەوەیـەک نـە بـە بـاری بەرژەوەندیـی هزرییانـدا، بەڵکـو بـە ئاگابوونـەوە لـە قوتاربـوون لـەو کـۆت و بەنـدە هزرییـە بەسـەرچووەی کـە هیـچ هەنگاوێـک و هیـچ هیـوا و هێزێکیـان لەگـەڵ ڕەوتی ئـەم سـەردەمەدا یـەک ناگرێتـەوە. هەربۆیـە ئـەوان لـە ئێسـتادا تەنهـا و تەنهـا کـوڕی ژینگـە پشـێو و نائارامەکانـن و تەنهـا بـۆ مەبەسـتەکانی دەرەوەی بەرژەوەندیـی ئاییـن ماونەتـەوە و وان لـە نـاو گەمـە سیاسـی و بەرژەوەندییـە دنیاییەکانـدا. بۆیـە هەمـوو ئـەو کارەکتەرانـەی کـە پێشـووتر لەنـاو ڕێکخراوەکانـدا وەکـو کەسـایەتی دیـار دەردەکەوتـن، لـە ئێسـتادا خاڵیبوونەتـەوە لـە بـوونی کەسـایەتیی دیـار و بەرچـاو و تەنهـا جڵەویـان لەژێـر چەنـد کاراکتەرێکـی هەلپەرسـتدایە کـە ئاییـن وەکـو چەکێکـی سـتراتیژی بەکاردەهێنـن. ئـەم فۆرمـی بەکارهێنانەیـش ئیسـلامییەکانی کوردسـتانیشی وەکـو هەمـوو ئیسـلامییەکانی دنیـای ئەمـڕۆ گرتووەتـەوە و ئەوانیـشی خسـتووەتە نـاو بازنـەی بەخۆداچوونـەوە و بەخۆداهاتنەوەیەکـی خێـرا، بـە جۆرێـک میتـۆدی پێشـوویان کـە ئێسـتاش پیـادەی دەکـەن، جەمـاوەری لـە دەور کۆناکەنـەوە و بوونەتـە هێـزی بچـوک و لاوازی نـاو گۆڕەپانـە سیاسـییەکە.

**سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:**


1. Bawabat al-Qahira (Cairo)، Jan. 1، 2017. Bawabat al-Haraqat al-Islamiya (Cairo)، Mar. 18،2015.
2.The fatwa was subsequently broadcast on the official Muslim Brotherhood television
3.channel Rabaa، broadcasting from Turkey. AlArabiya News، Dec. 5، 2017. Al-Dustur (Cairo)، Jan. 3، 2016